# هەڵوێستی ڕایمۆند لول بەرامبەر هزری ئیسلامی

**شەوین جەنگی عبداللە** [1] **حیدر لشکری خضر**[2]

[1] بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە، وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2]بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

بابەتی ئەم توێژینەوە بریتیە لە هەڵوێستی ڕایمۆند لۆل لە هزری ئیسلامی، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە بە شێوەیەکی کورت هەڵویستی ڕایمۆند لۆل بخەینە ڕو لە هزری ئیسلامی و کاریگەری ئەو فەیلەسوف و سۆفیە موسڵمانانەی کە بیری لۆلیان ئاراستە کردووە، توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ دو خاڵی سەرەکی و لە هەر خاڵێك چەند بابەتێکمان ڕونکردۆتەوە. خاڵی یەکەم تایبەتە بە هەڵوێستی ڕایمۆندلول لە فەلسەفەی ئیسلامی، ئەم خاڵەمان دابەشکردووە بۆسەر دو بابەت، یەکەمیان ململانێی نێوان عەقڵ و ئاین، هەڵوێستی لۆلمان لەم بوارەدا ڕون کردۆتەوە کە ئەو چۆن دەیەوێ لە نێوان ئەم دو بابەتە هاوسەنگی دروست بکات، کە بەپێی بۆچونەکانی ئەو دەکرێ لە ڕێگەی باوەڕوە بگەین بە حەقیقەت و عەقڵ پێوەر نەبێت بۆ گەیشتن بەئیمان، بابەتی کاریگەر بون بە فەلسەفەی غەزالی خوێندنەوەی کتێبەکانی، بابەتێکی تر باسمان لێوە کردووە لەگەڵ دژایەتی کردنی ڕایمۆندلۆل بۆ فەلسەفەی ئیبن ڕوشد، لۆل یەکێك بووە لەو کەسایەتیانەی کە زۆر بەتوندی دژایەتی فەلسەفەی ئیبن ڕوشدی کردووە، هەموو هەوڵێکی داوە بۆ ئەوەی کاریگەربونی بەسەر جیهانی مەسیحیەوە نەهێڵێ، لە ڕیگەی دەزگا ئەکادیمی و ئاینییەکان بۆ چونەکانی ڕەتبکرێنەوە. لە خاڵی دووەم باسمان لە ڕایمۆند لۆل و هزری سۆفیگەری کردووە، باسکردنی لۆل وەك سۆفی و کاریگەر بونی ئەو بە موسڵمانان لە شێوازی تەرکە دونیاو خۆتەرخان کردن بۆ خودا ناسی، لە چوارچێوەی بابەتی سۆفیگەریش تیشکمان خستۆتە سەر کاریگەر بونی ڕایمۆند لۆل بە گەورە سۆفی ئەندەلوسی (ئیبن عەرەبی)، کە بۆچونەکانی هەردولامان ڕونکرتەوە سەبارەت بەبابەتی سۆفیگەری و بە شێوەیەکی کورت باسمان لەو کتێبانە کردووە کە کاریگەری ئیبن عەرەبی بەسەر ڕایمۆند لۆلەوە بەدیاردەکەوێت.

**کلیلە وشە:**تێڕوانین، فەلسەفە، لاهوت، وێناکردن، ئیسلام

## ١. پێشەکی

وڵاتی ' ئەندەلوس - ئیسپانیای ئێستا'، ئەو شوێنە جوگرافییە بوو، کە تێیدا زۆر لە خەسڵەت و بنەماکانی ڕوانگە و وێنای مەسیحی ڕۆژئاوایی بۆ ئیسلام، بەتایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، گەڵاڵە ببو. بێگومان بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی هەردو ئایین لەوێدا، هەر لە وڵاتگیری ئیسلامییەوە، لە سەدەی هەشتەمی زایینیەوە، دەست پێدەکات تاوەکو شەڕەکانی گێڕانەوەی وڵاتەکە، لەلایەن مەسیحییەکانەوە و دواتریش، لایەنی کەم تا سەدەی حەڤدەی زایینی، هەر بەردەوام بووە. ئەمە وایکردوە مشتومڕی بەردەوام لەنێوان پەیڕەوکارانی هەردو ئاییندا هەبێت و بەردەوام مەسیحییەکانی ئەوێ کۆششی باوەڕییانە و هزرییانەی خۆیان، دژ بە ئیسلام و موسڵمانان، بخەنە گەڕ (العسري، ٢٠١٥، ١٢١). ئەوەی زیاتریش لەم ڕوەدا ڕۆڵی گێڕاوە پیاوانی کڵێسا و زانا ئاینیەکان بوین.

یەکێک لەو کەسایەتییانەی هەم هاوسەردەمی ململانێ و بەریەککەوتنە سەربازییەکانی هەردولا بووە، هەمیش ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پرۆسەی وێناکردن و ڕوبەڕوبونەوەی موسڵمانان هەبووە 'ڕایمۆند لول - Ramon llull' (١٢٣٢-١٣١٥ز) بو. ئەو، نمونەی هەرە دیاری ئەو کەسایەتییە مەسیحییە ئیسپانیانەیە، کە لەسەردەمی ململانێدا هەوڵیداوە لە ئیسلام بکۆڵێتەوە؛ فێری زمانی ئاینەکە (عەرەبی) بێ، لە بیروباوەڕەکانی وردبێتەوە و بەشدار بێ لەو گفتوگۆو مشتومڕە هزری و ئایینیانەی، لە نێوان پەیڕەوکارانی هەردوو ئاییندا هەبووە. ئینجا لەڕوانگەی تێگەیشتنی مەسیحییانەی خۆیەوە، ڕەخنەی لە موسڵمانان گرتووە و هزری ئایینی و فەلسەفییانی هەڵسەنگاندوە. هاوکاتیش کاری لە پێناو بە مەسیحیکردنیان کردوە.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٣، ژمارە ٢ (٢٠٢٠)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٨ تەمووز ٢٠٢٠؛ پەسەندکردن: ١٨ ئەیلوول ٢٠٢٠
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٣١ کانوونی یەکەم ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: shawin.abdullah155@gmail.com
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ **شەوین جەنگی عبداللە، حیدر لشکری خضر**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp62-69

ڕایموند لول، لە ئەوروپای مەسیحیدا، وەک نوسەر، فەیلەسوف و لاهوتناسی مەسیحی و سۆفی، دەناسێنرێت. بەڵام لە ئێستادا ئەوە ڕونبۆتەوە، کە ئەوەی هاندەری گرنگی ئەوبوە لە بیرکردنەوەدا، ئاینی ئیسلام و کولتورە هزری و فەلسەفییەکەی بووە (Bellver، ٢٠١٤، ٢٨٨). ئەگەرچی ڕایموند لول کۆمەڵێک هەڵوێستی ناجۆری بەرامبەر بە ئیسلام و موسڵمانان هەبووە، ئاینەکەی وەک ئاینێکی ئاسمانی ڕەتکردۆتەوە و لە نوسینەکانیدا هەر وەک ڕێبازێکی هەڵگەڕاوەی مەسیحی تەماشای کردوە و ئامانجی ژیانی خۆی بۆ ئەوە تەرخانکردوە موسڵمانان بگەڕێنێتەوە سەر ئاینی مەسیحی، لە میانەی کاری موژدەگارانە، کە لە پێناویدا سەری خۆی تێداچووە (Benhamamouche، ٢٠٠٨ ، ١٥٩)، بەڵام لەبەر پەروەردە و پێگەیشتنی لە هەرێمی کەتالۆنیای ئیسپانی، لە سەردەمێکدا کە تازە هەرێمەکە لە خانەی ئیسلام دابڕێنرابو، ئاسایی بو ئەگەر هەرێمەکە و ڕایموند لولیش، بە ئیسلامەوە کاریگەر بن (اورفوا، ٢٠٠٨، ٢٠٧-٢٠٨)، بەتایبەتیش کاریگەربونی بە هزر و بیری موسڵمانانەوە. جا چ بە ڕەتکردنەوەی ئەم هزر و بیرە بوبێت، یان وەرگرتن و قەبوڵکردنی بوبێت. تەنانەت ئەوکاتانەش کە دژی ئیسلام نوسیویەتی، پشتی بە هەندێک ڕەهەندی کولتورەکە وئاینەکە بەستووە.

ئێمە ئەوە دەزانین، کە ڕایموند لول، بۆ ئەوەی پرۆژەی موژدەگارییەکەی سەربگرێت، گرنگی زۆری بە زمانی عەرەبیدا و بەتەواوی فێری بوو. بێگومان، بە فێربونی ئەم زمانە، بەر لەهەمو شتێک دەیویست بیروباوەڕ و فەلسەفەی ئیسلامی بخوێنێتەوە، تاوەکو دواتر بتوانێت لە گفتوگۆکردن لەگەڵ موسڵماناندا بە بیروباوەڕی خۆی ڕازیان بکات و بیانکاتە مەسیحی. ئیدی تا ئاستێک شارەزایی لە زمان و کولتوری ئاینی و فەلسەفی موسڵمانان پەیداکردوە، کە هێندێک لە توێژەران، نازناوی 'باوکی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی'یان پێبەخشیوە (ماستناک، ٢٠٠٣، ٣٠٠).

وەك دەزانین لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەر زانستێك بۆ ئەوەی قەبوڵ بێ یان ڕەتبکرێتەوە، بە پێوەری تاکە زانستی باوەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، کە ئەویش 'ثیۆلۆژیا - زانستی لاهوت[1]، بو و زانستەکانی دی تەنیا لە پەراوێزی ئەم زانستەوە دەخوێندران. هەر زانستێکیش لە گەڵ ئەو پێوەرە و چەمکە بنەڕەتییەکانی لاهوت نەگونجابایە، بە زانستی ساختە و لەڕێ لادەر، دادەنرا (مینوا، ٢٠٠٥، ١٦٩، ٢٨٩). هەربۆیە کرابووە سەنگی مەحەك لە وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی ئەنجامی هەر هزرێك و بیرکردنەوەیەك لە زەمینەی کڵێسای مەسیحی ڕۆژئاواییدا. چونکە لەوێ هێشتا لەسەر ئەو باوەڕەبون، کە دەبێ سەرچاوەی هەمو هزرێك کتێبی پیرۆزبێت و هەر بیرکردنەوەیەکی زانستی نەتوانێ خۆی لەگەڵ ئەم سەرچاوەیە بگونجێنێت، ڕەتدەکرێتەوە. بەتایبەتیش ئەگەر هزرەکە لەلایەن ئاینێکی وەك ئیسلام و لەسەردەستی کەسانێکی موسڵمانەوە، بەرەوی پێ درابێت. ئەم تێگەیشتنە مەسیحییەش، هەر لەسەدەی دوانزەوە لە ئەوروپا، لە بارەی پەیوەندی نێوان باوەڕ و ئاین لەلایەک و عەقڵ و بیردکنەوەی فەلسەفییانە لەلاکەی ترەوە، سەری هەڵدابو. لەلایەن ڕایموند لول، هەڵوێستەکە گەیشتە لوتکە.

## ٢. هەڵوێستی لە فەلسەفەی ئیسلامی

### ١.٢ ململانێی نێوان ئەقڵ و ئاین

بەشێوەیەکی گشتی، یەکەم بەریەککەوتنی ئەوروپای ڕۆژئاوا، بە فەلسەفەی ئیسلامی، لە ئەندەلوس بو. دوای ئەوەی فەرمانڕەوای هەرێمی لیۆن و قشتالە ئەلفۆنسی شەشەم (١٠٤٠-١١٠٩ز)، لە ساڵی ١٠٨٥ز دەستی بەسەر شاری (طليطله -Toledo) داگرت. ئیدی لەسەر ڕاسپاردەی پاشا، زانا مەسیحییەکان، دەستیان بە وەرگێڕانی دەقە فەلسەفییە عەرەبییەکان کرد، بۆسەر زمانی لاتینی (اوليري، بدون تاريخ،٢٨٠-٢٨٣). کاتێکیش فەلسەفە بە فۆرمە ئیسلامییەکەی لە ئەندەلوسەوە دەگوازرێتەوە بنکە زانستییەکانی ئەوروپا، ئەوا لە سەرەتادا وەک پێداویستییەکی ئاینی تەماشای دەکرا؛ وەک ئامرازێکی چارەسەرکردنی گرفت و گومانە ئاینییەکان و ڕێبازێکی پاڵپشتیکردنی بیروباوەڕی دروست. هەر ئەمەش بو، کە ڕەوایەتی پێدابوو، لەلایەن ئەوانەوە قەبوڵیان دەکرد و ئیشیان لەسەر دەکرد (Black، ٢٠١٠، ١٢١). ئیتر لەوکاتەوە فەلسەفەی ئیسلامی بووە بابەتێکی گرنگی نێو کایەی زانستی ئەوروپایی، کە زانایانی مەسیحی گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرد. هەر لەسەرەتاوەش کڵێسای مەسیحی، ڕوبەڕوی ئەم فەلسەفەیە و شرۆڤەکانی فەلسەفەی یۆنانی بۆوە. تەنانەت بەر لە دەرکەوتنی ڕایمون لول، چەندین فەرمانی ئاینی دەرچون، کە ئیشکردنیان لەسەر ئەو کولتورە فەلسەفییە قەدەغە کرد (اوليري، بدون تاريخ، ٢٨٥). ئەمەش کاریگەری بەسەر ڕەوشی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی لەوێدا هەبو.

ئیبن ڕوشد و فەلسەفەکەی، چەقی ئەم بزاوتی وەرگێڕان و گفتوگۆیانەی پێکدەهێنا. ئەوەبو، هەر دوای مردنی لە ساڵی (٥٩٥ک\١١٩٨ز) بەشی زۆری کتێبەکانی بەتایبەت شرۆڤەکانی لەسەر فەلسەفەی ئەرستۆ، تا ناوەڕاستی سەدەی سێزدەی زایینی، وەرگێڕدرابونە سەر زمانی لاتینی (Hasse،٢٠١٠، ٣-٩) و مشتومڕی زۆریان بەدوای خۆیاندا هێنابو، چونکە زانا مەسیحییەکان شرۆڤە فەلسەفییەکانی ئەویان بۆ تێگەیشتن لەفەلسەفەی یۆنانی بەکاردەهێنا (انتيلا، ٢٠١٠، ٢٤٧)، کە بەلایانەوە نامۆ ببوو. تەنانەت وەك خاڵی وەرچەرخان لە گواستنەوەی فەلسەفە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دەبینرێت (اشمل، ١٩٩٨)، بەشێکی زۆری زانا مەسیحییەکانی ئەندەلوسیش کەوتبونە ژێر کاریگەری ئەم فەیلەسوفەوە. ڕایموند لول، ئاگاداری جێکەوتەی ئەم فەلسەفەیە، بەسەر هزری مەسیحی بووە. بەتایبەت ڕۆڵی لە دابەشبکردنی ئەم هزرە بەسەر دو قوتابخانە. یەکێکیان قەبوڵیان کردوە، کە فرانسیسکانییەکان[2]بون. ئەویتریان بە توندی دژی فەلسەفەی ڕوشدی بون، ئەوانیش دۆمەنیکانەکان[3] بون (بالنثيا، بدون تاريخ، ٣٦٨)، کە ڕایموند لول لەوان بوو.

هەرچۆنێک بێت، گرفتی زانا مەسیحییەکان، لەوانەش لول وەک دواتر باسی هەڵوێستەکەی دەکەین، لەگەڵ فەلسەفەی ئیبن ڕوشد، زیاتر لە پەیوەندی فەلسەفە بە ئاینەوە دروست بو. ئەمە ئەو بابەتەیە، کە فەیلەسوفە موسڵمانەکە زۆر لێی ورد بۆتەوە. لە کتێبی 'فصل المقال'دا بەوە گەیشتوە، کە زانستە فەلسەفییەکان و ئاین دژبەیەک نین. بەڵکو دو سەرچاوەی زانینن و بەیەک ئاڕاستەدا دەڕۆن. شەرع و فەلسەفە هەردوکیان بانگەواز بۆ ئەوە دەکەن عەقڵ پێوەری زانین بێت، تەنانەت زانین و ناسینی خوداش (ابن رشد، ١٩٩٩، ٨٧). ئەم ڕوانگە و بۆچونانە، کە بەشێک نەبو لە فەلسەفەی یۆنانی و زیاتر بەرهەمی بیرکردنەوەی خۆی بو، دوای ئەوەی لە زانکۆکانی ئەوروپا، بەتایبەت پاریس و بۆلۆنیا، دەست بەخوێندنی کرا، تێبینی ئەوەیان کرد کە ئەم هزرە دەشێ دەسەڵاتی ڕۆحانی کڵێسا بلەرزێنێت. بەتایبەت کە ئەوانەی لەوێ پەیڕەویان لە فەلسەفەکەی دەکرد، بەوە تۆمەتبار بون، کە دەیانەوێت ئەوروپا لە ڕوی ڕۆحانییەوە، لەژێر میراتی کڵێسای کاثۆلیکی دەربهێنن (انتيلا، ٢٠١٠، ٢٥٤). هەر ئەمەش ڕوانگەی ڕایموند لول بووە بۆ کاریگەرییەکانی ئیبن ڕوشد بەسەر مەسیحییەکانەوە.

لەڕاستیدا ڕایمۆن لول، لە نوسینە سەرەتاکانیدا، لەو باوەڕەدابو، کە دەکرێ ثیۆلۆژیای مەسیحی و زانست لە یەکدی نزیك بخرێنەوە و تێکەڵ بە یەك بکرێن،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp62-69

وەك ئەو خۆی لە کتێبی ’ڕاگەیاندن‘ کە لە ساڵی ١٢٦٨دا نوسیبوی، وایکردبو. تێیدا ئەوەی ڕونکردبۆوە، کە دەکرێ هەرکاتێك بابەتێك یەکلا نەبۆوە و بە سودی ثیۆلۆژیا نەبو، کڵێسا بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەبارەوە بدات (مینوا، ٢٠٠٥، ٢٩٠).

نوسینە فەلسەفییەکانی ئەو، ئەوەندەی بە ئاڕاستەی دژایەتیکردنی هەڵگەڕاوەکان و دژە ئایینان بووە، ئەوەندە جەختی لەسەر بابەتە فەلسەفییەکان نەکردۆتەوە، لە نێو دەقەکانیدا هەوڵی ئەو لەوەدا چڕ بۆتەوە، کە بێباوەڕان بێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست نەك گفتوگۆی فەلسەفییانەیان لەگەڵدا بکات. تەنانەت ئەوکانەش، کە لە فەلسەفەی سروشتی دەدوێت، جەخت لەسەر ئەو جیهانە دەکاتەوە، کە لە ڕوانگەی ئایینی مەسیحییەوە، دەخوازێ هەبێت (Llull، ١٩٨٥، ١-١١٨)، نەك بابەتەکانی سروشت، وەك چۆن لە فەلسەفەدا، بەتایبەت فەلسەفەی ئیسلامی، قسەی لەبارەوە کراوە. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەو بۆ ئاستی میللی دەنوسێ و دەیویست کاریگەری بەسەر باوەڕی ئایینی خەڵکی ئاساییەوە هەبێت.

ڕەتکردنەوەی لول بۆ فەلسەفە، لەوەوە دەهات، کە وایدەبینی لە ڕێگەی باوەڕەوە مرۆڤ دەتوانێ بە حەقیقەت بگات، نەك لە ڕێگەی بیرکردنەوەی ئەقڵانیەوە. بۆیە دەیگوت: **"باوەڕ، کە خودا دەیبەخشێ، جێگیرە. بەڵام تەنیا بە زانستی وەرگیراوەوە تێگەیشتن جێگیر نابێ. هەربۆیە ئیمان لەبەرزاییدایە و عەقڵ لە نزماییدایە....حەقیقەت بنەمای هاوبەشی نێوان عەقڵ و باوەڕە. بەڵام بە باوەڕ دەتوانین بە پلەیەکی باڵاتر لە حەقیقەت بگەین، وەك بە ئەقڵ"** (Lull، ١٩٨٥، ٢، ٥٣٢-٥٣٣). بێگومان ئەو دژایەتییەی ڕایموند لول بۆ فەلسەفە، وایلێکردوە کە ڕوبەڕوی هزری فەلسەفی ئیسلامی ببێتەوە. لە قۆناغێکدا، کە موسڵمانان وەك هەڵگری ئاڵای زانستە فەلسەفییەکان، دەبینران. بەتایبەت ئەو ڕەوتە فەلسەفییەی لە ئەندەلوسدا گەشەی سەندبو و هەڵگری ئاڵاکەشی ئیبن ڕوشد بو.

ڕایموند لول ئاگاداری کاریگەرییەکانی فەلسەفە بەسەر موسڵمانانەوە، هەبوو. تەنانەت گفتوگۆی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هێندێک لەو زانا موسڵمانانەدا هەبووە، کە گرنگیان بە فەلسەفە داوە، بەتایبەت لە وڵاتی جەزائیر (ریبیرا، ١٩٨٧، ١٥٠). لە کتێبی بلانکێرناشدا ڕونی کردۆتەوە، کە لەنێو موسڵماناندا فەیلەسوفی زۆر هەن. ئەمانە، هەموو شتێکی ئایینەکە، واتا ئیسلام، وەك خۆی وەرناگرن و بە دەسەڵاتی زانایانی ئایینی ڕازی نین. لول پێی وایە لای ئەمانە باوەڕی دروست بریتییە لەوەی بە ئەقڵ پێی دەگەن. هەر بۆیەشە لەنێو موسڵماناندا زانستە فەلسەفییەکان گەشەیان سەندووە، چونکە بە ئاسانی ڕازی نەبونە باوەڕ بهێنن، بەڵکو پێویستیان بە بەڵگەی ئەقڵی هەبووە، ئەمەشیان لە فەلسەفەدا بینیوەتەوە (Lull، ١٩٢٦، ٦٧). دواتریش لە کتێبی پێنج زاناکە، ئەوەی ڕونکردۆتەوە، کە بەربەستێکی باوەڕنەهێنانی موسڵمانان بە بیروباوەڕی مەسیحی، بەتایبەت سێیانەی پیرۆز، کاریگەری بیرکردنەوەی فەلسەفییانەیە. چونکە فەلسەفە وای لێکردون ئەقڵیان قەبوڵی باوکێتی خودا و کوڕێتی عیسا پێغەمبەر نەکەن و بە دوانەپەرستی و شیرک پەیداکردنی بزانن (Lull، ١٩٢٦، ٦٩). ئیدی ئەو وایدەبینێ، ئەگەر موسڵمانان لە مەسیحییەکان ئاقڵتر دەربکەون، ئەوا پەیوەندی بەم بوارەوە هەیە. بێ ئەوەی ئەمە بەمانای ئەوە بێت موسڵمانانی پێ باشتر بێت، چونکە وەك بینیمان، ئەو پێی وانییە ئەقڵ سەنگی مەحەك بێت بۆ باوەڕداری.

بەپێی فایشەر (١٩٩٥، ١٩٦) ڕایموند لول ئاگاداری بەشی زۆری فەلسەفەی ئیسلامی بووە و بەرهەمی گەورە فەیلەسوفانی بە زمانی عەرەبی خوێندۆتەوە. بەڵام ئەو زانا موسڵمانەی کاریگەری بەسەر ڕوانگەی ئەو بۆ فەلسەفە هەبووە، ئەبو حامدی غەزالی بو. ئەو کتێبەکەی غەزالی، بەناوی ’تهافت الفلاسفة‘ی بە باشی خوێندبۆوە. بەڵام ئەو کتێبەی زۆرترین کاریگەری لەسەر هەبووە، کتێبی ’مقاصد الفلاسفة‘یە. بەتایبەت لە هەڵوێست وەرگرتن لە هزری فەلسەفی بە گشتی. تەنانەت لە نێوان ساڵانی (١٢٧١-١٢٧٢) دا بەشێك لە کتێبەکەی بە ناونیشانی (Compendium Logica AlGazelis) پوختە کردۆتەوە. لول لە پێشەکی کتێبەکەدا ڕونی کردۆتەوە، کە ئەو خۆی کتێبەکەی هەر بە عەرەبی کورت کردۆتەوە، بەڵام ئەوەی لەبەردەستدا ماوە لاتینیەکەیەتی، لەگەڵ دەقێکی بە زمانی کەتەلانی، کە لەسەر بنەمای دەقە لاتینییەکەوە، وەرگێڕدراوە (Akasoy، ٢٠١٢، ٤٠)، بەڵام بەو شێوەیە، بە زمانی کەتەلانی، دایڕشتۆتەوە، کە لەگەڵ بیرکردنەوەی مەسیحییانەی خۆیدا گونجاو بێت. جگە لەم وەرگێڕانە، لە چەندین شوێنی تردا، هانای بۆ نوسینەکانی غەزالی بردوە و لە دەقەکانی خۆیدا، بەکاری هێناون (Lohr، ٢٠٠٠، ١٥٤، ١٥٩). بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، ڕایموند لول لە نوسینەکانی خۆیدا، بەتایبەت نوسینە فەلسەفی و سۆفیگەرییەکانیدا، ئاماژە بۆ ئەو سەرچاوە عەرەبییانە ناکات، کە بیرکردنەوەیان ئاڕاستە کردوە (Bellver، ٢٠١٤، ٢٩٠). ئەمە لە کاتێکدا، وەک توێژەری ئیسپانی ’ئەلڤارۆ گیلماس دی فۆینتۆس - Álvaro Galmés de Fuentes‘ لە کتێبێکی سەربەخۆدا (١٩٩٩، ٣٠ بەدواوە)، تایبەت بەم بابەتە، بەڕونی ئەوەی دەرخستووە، کە سەرچاوەی هەرە سەرەکی نوسین و بیرکردنەوە و تێڕامانەکانی لول، دەقە ئیسلامییەکان بون، لە بواری ئایین، فەلسەفە، سۆفیگەری و تەنانەت ئەدەبیشدا. لە پێشەوەی ئەوانەش کە پشتی پێ بەستون، غەزالی بووە.

لە ڕاستیدا ئاسایی بو ڕایموند لول غەزالی بناسێ، چونکە کاریگەری ئەم زانا موسڵمانە، بەتایبەت ڕەتکردنەوە و ڕەخنەی توندی لەفەلسەفە، زو بەسەر هزری زانا موسڵمانەکەکانی ئەندەلوس دەرکەوتبوو و ڕۆڵی لە بێبەهاکردنی ئەم کایە مەعریفییە لای ئەوان هەبووە (Reynolds، ٢٠٠٢، ٣٢، ٣٨). تەنانەت ئەو یەکێک بووە لەو زانا موسڵمانانەی، ناوبانگ و بەرهەمەکانی، سنوری جیهانی ئیسلامیان بەزاندووە. بەتایبەت لە ئەندەلوسدا، سەرباری زانا موسڵمانەکان، لەلایەن جولەکە و مەسیحییەکانی باکوری ئەم وڵاتەشدا، گرنگی بەکارەکانی دەدرا و وەریاندەگێڕایە سەر زمانی لاتینی (Akasoy، ٢٠١٢، ٣٨). هەر بۆیە غەزالی بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی بەردەستی لول لە هەڵوێست وەرگرتن لە فەلسەفە بە گشتی بەتایبەتیش فەلسەفەی ئیسلامی خۆی، فەلسەفەیەک کە دەیبینی کاریگەری لەسەر هزری هێندێک لە زانا مەسیحییەکان دروست کردبوو، بۆیە هەر بە وەرگێڕانی غەزالی بۆسەر کەتەلانی نەوەستا، کە زمانێکی سنوردار بووە، بەڵکو کاری بۆ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی لاتینیش کرد (Burnet، ٢٠٠٦، ٣٩٦)، بەتایبەت ئەو دەقانەی دژایەتی فەلسەفە دەکەن.

وەك ئاشکرایە غەزالی لە یەکەمین ئەو زانا موسڵمانانەیە، کە ڕەخنەی توندی لە بیرکردنەوەی فەلسەفییانە گرتوە، پێیوابو فەلسەفە و باوەڕ تەواوکەری یەکتر نین و ئەوەی فەیلەسوفان لەم بارەوە دەیڵێن، بەتایبەت ڕوانگەی فەلسەفییانە بۆ خودا، لە ڕاستییەوە دورە و دەیگوت عەقڵ کەمترە لەوەی بتوانێ، بێ سروش و ئیلهام، خودا بە مرۆڤ بناسێنێ (٢٠٠٢، ٤٣). غەزالی درکی بەوە کردبوو، کە بە کاریگەری فەیلەسوفی گەورە ئیبن سینا، زانستە فەلسەفییەکان پێگەیەکی ئەوتۆیان لە بزاوتی ڕۆشنبیری ئیسلامیدا وەرگرتبو، کە باڵاتر بو لە پێگەی زانستە ئایینیە شەرعییەکان. بۆیە بڕیاریدا دژایەتی فەلسەفە بکات. جا لەبەر ئەوەی خۆی فەقیهی ئایینی و کەلامناس و سۆفی بو، بۆیە توانای ئەوەی هەبووە ئەم دژایەتییە بکات. دژایەتییەک، کە لەوەدا چڕ بۆتەوە، فەیلەسوفان تێگەیشتنی ئایینیان بەکەم تەماشا کردوە، چونکە

خۆیان بە نەقڵ و ئەوەی لە پێشینانەوە هاتوە، بڕیاریان لەسەر دیاردەکان داوە (موسی، ١٩٨٨، ١٨٨-١٨٩). ئەمەش ڕێک ئەو بۆچونەیە، کە ڕایموند لول لەسەر فەیلەسوفان هەیبووە (Lull، ١٩٨٥، ١،٨٥). لەمەشدا سودی لە ڕێبازی غەزالی، لە ڕەخنەگرتن لە فەیلەسوفان، وەرگرتووە. لە نوسینی هەردوکیاندا، سەرباری جیاوازی سەردەمەکانیان، لە هەر بابەتێک کە دەیانەوێت ڕەخنەی لێبگرن، هەنگاوێک دەچنە پاش بۆ ڕونکردنەوەی بۆچونە نەیارەکە. ئینجا کۆمەڵێک بەڵگە دەهێننەوە و دەیخەنە بەر دەست خوێنەرەکانیان، تا ئەقڵانییانە، بە بۆچون و ڕوانگەی خۆیان ڕازیان بکەن (Akasoy، ٢٠١٢، ٣٩). بێگومان ناکرێ غەزالی ئەمەی لە لول وەرگرتبێ، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە.

تاکە شتێك غەزالی لە فەلسەفەی قەبوڵ کردوە 'لۆژیك - المنطق' بووە، کە وەك ئامرازێك بۆ پاڵپشتی شەریعەت بینیویەتی (عنیات، ٢٠١٣، ٤١). ئەم بۆچونەی غەزالی کاریگەری زۆری لەسەر ڕوانگەی لولەوە هەبووە. بەڵگە لۆژیکییەکانی زانا موسڵمانەکەی بەکارهێناوە، بۆ ڕەتکردنەوەی بیروبۆچونی فەیلەسوفەکان، بەتایبەت ئەوانەی سەر بە فەلسەفەی ئیبن ڕوشد بون (فایشر، ١٩٩٥، ١٩٦). بۆیە دەبینین، کە ئەوەی ڕایموند لول لە زانستە فەلسەفییەکان پێی ڕازیبو، 'لۆژیك - منطق' بو. ئەویش وەك ئەبو حامدی غەزالی لول پێیوابو لۆژیك، لەسەر بنەمای بیرکاری، دەتوانێ ڕێگە بۆ زانینێکی گشتگیری پۆلێنکراو و ڕێکخراو خۆش بکات (مینوا، ٢٠٠٥، ٢٩٠)، لەمەشدا تەواو کاریگەری غەزالی پێوە دیارە و وەك چۆن ئەو پێیوابو لۆژیك ئامرازێکە بە دەست باوەڕەوە، لولیش لەو باوەڕەدابو، کە لۆ ژیك دەتوانێ هاوکاری باوەڕی مەسیحیی بێت، لە داکۆکیکردن لەخۆی، بەرامبەر بەوانەی دژایەتی دەکەن. ئەو تەنانەت پێیوابو دەکرێ بە ڕێبازی لۆژیکییانە بێباوەڕەکانیش، کە موسڵمانانیشی دەگرتەوە، وا لێ بکرێن واز لە ئایینی خۆیان بهێنن و بۆیان بسەلمێنێت، کە باوەڕی مەسیحی تاکە باوەڕی دروستە (مینوا، ٢٠٠٥، ٢٩١).

## ٢.٢ هەڵوێستی لەبارەی ئیبن ڕوشد

ئێرنست ڕینان (١٩٥٧، ٢٦٧) ڕایموند لول بە پاڵەوانی ئەو 'شەڕە خاچییە' دادەنێ، کە دژ بە فەلسەفەی ئیبن ڕوشد لە ئەوروپای مەسیحیدا، بەرپا بوبو. هەرچەندە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە لول سەرباری ئەوەی عەرەبی دەزانی و کتێبی پێ دەنوسی، بەڵام لە نوسینەکانیدا ڕاستەوخۆ لە دەقە عەرەبییەکانی ئیبن ڕوشدی وەرنەگرتوە. بەڵکو لە زۆربەی ئەو نوسینانەی وادەردەکەوێت، کە ناسینی ئەو بۆ فەیلەسوفە موسڵمانەکە، لەچوارچێوەی مشتومڕەکانی بووە، لەگەڵ ئەو زانا مەسیحییانەی کەوتبونە ژێر کاریگەری ئیبن ڕوشد و بە 'ڕوشدییە لاتینییەکان' دەناسرێن (العسري، ٢٠١٥، ١٢٥). واتا ئەو ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لە نوسراوە فەلسەفییەکانی ئیبن ڕوشد نەگرتوە، بەڵکو بەو شێوەیەی کە ئەو زانا مەسیحییانەی پێی کاریگەربون، مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، تا کاریگەرییەکانی نەهێڵێت.

هەرچۆنێک بێت، هەڵوێستی لول لە هزری فەلسەفییانەی ئیبن ڕوشد، لە ژێر کاریگەری زانا مەسیحییەکانی پێش خۆی بو، بەتایبەت هەوڵەکانی مامۆستاکەی (سان رامۆن دی پێنیافۆرت - San Ramon de Penyafort)[4]، کە زۆر دژایەتی بیرۆکەی 'ئازادی ئەقڵی' لە باوەڕهێنان کردوە و وەك مەترسییەکی ڕاستەقینەی سەر کڵێسای مەسیحی دەبینی( العسري، ٢٠١٥، ١٢٣). بۆیە خوێندنەوەی ڕایموند لولیش لەم هەڵوێستەوە سەرچاوەی گرتبوو. پوختەی بۆچونی ئەم ڕەوتەش بریتی بو لەوەی، کە دەبێت لە سەرەتادا باوەڕدار بێت، ئینجا لێکدانەوەی عەقڵی بۆ هەر بابەتێک بکەیت، چونکە عەقڵ بەتەنیا ناتوانێ خودامان پێ بناسێنێت. لێکۆڵەر ئەنتۆنی بلاک (٢٠١٠، ١٧٠) دەڵێت **"ئەم تێگەیشتنەی ئەوروپای مەسیحی هاوکات بووە، لەگەڵ هەڵوێستە نەرێنییەکەی غەزالی لە فەلسەفە، کە وەک پێدیمان، ڕایموندلول پێی سەرسام بوو".**

ڕایموند لول لە شاری پاریس مشتومڕی توندی لەگەڵ پەیڕەوکارانی فەلسەفەی ڕوشدیی هەبووە. دواتر ئەو مشتومڕانەی لە دوتوێی چەندین نامیلکە و وتاردا، لە نێوان ساڵانی ١٣١٠ و ١٣١٢دا یاداشت کردوە، وەك: 'لە بارەی هەڵەکانی ئیبن ڕوشد' و 'کتێبێك لەسەر ئەوەی دەشێ و ئەوەی مەحاڵە'، کە دژ بە ڕوانگەی ئیبن ڕوشد بوو، بۆ فەلسەفە، هەروەها نامیلکەیەك بەناوی 'دژیەکەکان' کە ڕەتکردنەوەی تێزی ڕوشدییەکان بو، لەبارەی پێوانەسازی. هەروەها کتێبی ' پاڕانەوەکانی فەلسەفە لەبەرامبەر بە هەڵەکانی ڕوشدییەکان' و کتێبی 'نوێژکردن دژ بە ڕوشدییەکان' (Llull، ١٩٨٥، ٢،٢٣٠). لە یەکێك لەو کارانەیدا، کە بەشێوەی چیرۆك داڕشتووە، فەلسەفەی وا وێناکردوە خاتونێکە ئازاری زۆر دەچێژێت، لەبەر ئەو لەخشتەبردن و بەلاڕێ بردنانەی گوایە ڕوشدییەکان بەناوی ئەو بڵاویان کردۆتەوە، بە تایبەت ئەو بابەتانەی باوەڕ بە ڕاستیان دەزانێت و ئەقڵ ڕەتیان دەکاتەوە (ڕینان، ١٩٥٧، ٢٦٨)، کە ئەمەش تێزی بنەڕەتی ئەوە و ڕەتکردنەوەی بۆچونەکەی ئیبن ڕوشدە لەسەر پەیوەندی تەواکارییانەی نێوان ئەقڵ و ئایین. گرفتی بنەڕەتی ئەو لەگەڵ ئیبن ڕوشد و فەلسەفەکەی، جیاکردنەوەی حەقیقەتی ثیۆلۆژی بو، لە حەقیقەتی فەلسەفی. ئەو پێیوابو بنەما باوەڕییەکان هەمیشە ڕاستن و ئەقڵ ناتوانێت لەمەدا بڕیار بەدەست بێت (ڕینان، ١٩٥٧، ٢٦٨)، چونکە باوەڕ لە دەرەوەی ڕاستی و ناڕاستیدایە و سەرچاوەکەی لە ئەقڵ خۆی، گەورەترە. لێرەوە ڕایموندلول ڕەتکردنەوەی فەلسەفەی ئیبن ڕوشدی کردبووە خەمی کەسییانەی خۆی. بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابووە، کاریگەرییەکانی بەسەر جیهانی مەسیحیدا نەهێڵێت. بۆیە بانگەوازی ئەوەی دەکرد، کە تەواوی نوسینەکانی ئەم فەیلەسوفە لەناو ببردرێن و خوێندنەوەیان لە باوەڕداری مەسیحی قەدەغە بکرێت (ڕینان، ١٩٥٧، ٢٦٧). تەنانەت لەو کۆنگرەی ئایینیەی کڵێسای کاثۆلیکی، لەسەردەمی پاپا کلیمەنتی پێنجەم (١٢٦٣-١٣١٤ز) لە ساڵانی (١٣١١-١٣١٢ز)، لە فەڕەنسا بەسترا، ئەم داواکارییەی خستە بەردەم بەشداربووانەوە (اشمل، ١٩٩٨)، بەڵام داواکەی قەبوڵ نەکرا. هەر بەمەش نەوەستاوە، بەڵکو ئەو چیرۆکە ئەفسانانەشی دوبارە دەکردەوە، کە لەبارەی ئیبن ڕوشدەوە دروستکرابو، بەتایبەت بێزراوبونی ئەم کەسێتییە لەنێو کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە، ئیتر باسی لەوە دەکرد، کە لەلایەن برا دینیەکانی خۆیەوە، لەسەر بیروباوەڕەکانی ڕەجم کراوە (اورفوا، ٢٠١١، ٢٢٨)، ئەمەش تاوەکو کەسێتییەکە لەبەرچاوی مەسیحییەکان ڕەش بێ و گرنگی بە بەرهەم و نوسینەکانی نەدەن.

لەوەدەچێ ڕایموند لول، لە شکاندنی فەلسەفە بە فۆرمە ڕوشدییەکەی و بێبەهاکردنی، سەرکەوتو بووە و توانیویەتی باوەڕ بە بەشێکی دیاری پەیڕەوانی ئایینی مەسیحی بهێنێت، کە لە فەلسەفە دوربکەونەوە، چونکە بێ ئەم کایەش بیروباوەڕەکانی خۆیان دروستە و ڕوانگە فەلسەفییەکان هەڵەن (العسري، ٢٠١٠، ١٢٤). هەر ئەمەش وایکرد، پێگەی لول لە نێو مەسیحییەکان و کڵێسای کاثۆلیکی بەتایبەتی، لەسەردەمی خۆی و تا سەدەکانی دواتریش، هەر باڵابێ و پێگەیەکی بەرزی هەبێت، وەک نموونەی باوەڕدارێک کە توانیویەتی مەترسییەکانی فەلسەفە بەسەر باوەڕداری بشکێنێ، تەماشای بکرێ.

## ٣. لول و هزری سۆفیگەری ئیسلامی

### ١.٣ لول وەک سۆفی

ڕایموند لول خۆی لە جیهانی مەسیحیدا زیاتر وەك سۆفییەك ناسراوە و ناوبانگی دەرکردوە، بۆیە دەگوترێت کە ئەگەر گەورەترین سۆفی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست نەبێت، ئەوا بێگومان یەکێکە لە ڕەسەنترین سۆفی و لە پێشی زۆر ئەوانەدایە کە وەك خوداناس دەرکەوتون و ناوبانگیان هەیە (Probst، ١٩١٤، ٢). ئەو خۆی ئەزمونێکی سۆفییانەی هەبووە، لە نوسینەکانیدا بە ڕونی دیارە، کە باوەڕی بە تەرکەدونیایی و خۆتەرخانکردن بۆ خوداناسین هەبووە (Johnston،١٩٩٠، ١٧٩)، بەڵام لە خوێندنەوەی وردی ئەم ئەزمونە و نوسینەکانی ئەوە دەخوێندرێتەوە کە ناوبراو، کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەزمونی موسڵمانان لە بواری سۆفیگەریدا.

ڕایموند لول خۆی نکۆڵی لە کاریگەربونی بە سۆفییانی موسڵمان نەکردوە، ئەو خۆی نوسیویەتی: **"کاتێك بلانکوێرنا[5] بیری دەکردەوە، ئەوەی بەخەیاڵدا هات کە موسڵمانێك جارێك بۆی گێڕایەوە لەنێو موسڵمانانادا خەڵکانێکی باوەڕدار هەن پێیان دەگوترێ سۆفی. ئەم خەڵکە واژەی ئەڤینداارانە و دەستەواژەی کورتیان هەیە، هانی خەڵک دەدا بۆ خوداپەرستی. ئەم دەستەواژانە پێویستی بە ڕونکردنەوە و تێڕامانە. لە ڕێگەی ئەمانەشدا، مرۆڤ درككردنی زیاتر دەبێت و پەرۆشی بۆ خوداپەرستی و تێڕامان برەو دەسەنێت"** (Lull، ٢٠٠٠، ١٩). هەر خۆشی ڕایگەیاندوە سۆفییە موسڵمانەکان، ئەوانەی خۆی لە وڵاتی مەغریب و تونس بینیونی، لای موسڵمان و ناموسڵمانیش، جێگەی ڕێز بونە، چونکە وتە و شێوازی پەرستنیان هاوکاری مرۆڤەکان دەکەن لەوەی، کە هەم ڕەوشت بەرز بێ و هەمیش خوداپەرستییەکی دروست (الهنداوي، ٢٠١٤، ٢٨) .بێگومان ئەو شێوازە ژیانە خۆشی هەڵیبژاردوە، لە دورکەوتنەوەی لە سیستەمی ڕەبەنێتی مەسیحی و پابەندبون بە هەر گروپێکی ئایینی، ئینجا هەڵبژاردنی شێوەژیانی دەروێشانە و گەڕان و سوڕان و پشت بەستن بە خودا (خۆشەویستەکەی)، کە هاوشێوەی پشت پێ بەستنی سۆفییانەیە بووە (بالنثیا، بدون تاريخ، ٥٤٤)، ئاماژەن بۆ ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی سۆفیگەری ئیسلامی بەسەریەوە.

هەربۆیەشە ئەو هاتووە، کتێبی (Lover and beloved -عاشق و مەعشوق) بە هەمان شێوەی دەقی سۆفییانی موسڵمان نوسیوە، کە لە مێژوی سۆفیگەری ئیسلامیدا باو بووە. توێژەر مانوێل فایشەر (١٩٩٥، ١٩٧)، پێیوایە، کە شێوازی داڕشتنی وتەکان ڕێک هی سۆفییە موسڵمانەکانە.تەنانەت دەڵێ کتێبەکەی ئەو سەرباری ڕەنگدانەوەی ئەزمونی سۆفییانەی خۆی، بەڵام لە میانەی کۆمەڵێک هێما و گوزارەی لە تێڕامانەکانی کردوە، کە لە هی سۆفیانی موسڵمان دەچێ. هەمان توێژەر (فایشر، ١٩٩٥، ١٩٧-٢٠٠)، چەندین وتەی لولی هێناوەتەوە و بەراوردی کردوون بە وتەی گەورە سۆفییانی ئیسلام، بەتایبەت ئەوانەی غەزالی لە کتێبی 'احیاء علوم الدین' یاداشتی کردون، گەیشتۆتە ئەوەی کە سەرچاوەی هزری سۆفییانەی ئەو موسڵمانەکان بونە. ڕۆژهەڵاتناس ئانا ماری شمل (٢٠١٠، ٣٦)، هەمان بۆچونی هەیە و پێیوایە کتێبەکەی غەزالی سەرچاوەی تێڕامانە سۆفییانەکانی لول بووە، لە داڕشتنی وتەکاندا. خۆی لەو کتێبەدا جەختی لەسەر 'یادکردنەوە - ذکر'[6]ی خوا کردۆتەوە (Lull، ٢٠٠٠، ٢٩) تێیدا بەڕونی پشتی بە مانا سۆفییانەکەی وشەکە بەستوە، وەک ڕێگەیەک بۆ چونە نێو حاڵی سەوداسەری و توانەوە لەنێو خودی مەعشوقدا، کە خودایە (شمل، ٢٠١٠، ٣٦). هەر ئەمەیە وایکردوە، فایشەر پێی وابێت، کە ئەگەر دەقی کتێبەکە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی، بە ئاشکرا ئەم کاریگەربون و لێوەوەرگرتنە، دەردەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوەدەچێت کاریگەرییەکە زیاتر لەڕوی داڕشتنی ئەدەبییانەی کورتە وتەکان دەرکەوتووە، کە وەک سۆفیانی موسڵمان دایڕشتون (Game´s de Fuentes، ١٩٩٩، ٢٨)، بەڵام لەچوارچێوەی تێگەیشتنی مەسیحییانەوە.

### ٢.٣ کاریگەری ئیبن عەرەبی

ڕایموند لول ئاشنابووە بە گەورە سۆفیانی ئەندەلوس، بەڵام ئەو سۆفییەی ئەوێ، کە پێدەچێت زۆر پێی کاریگەر بوبێت محی الدین ئیبن عەرەبیە[7](بالنثیا، بدون تاريخ ، ٥٤٤). ئەگەرچی هەندێك لە توێژەرانی ڕۆژئاوایی نکۆڵی لە کاریگەری ئیبن عەرەبی بەسەر ڕێبازی سۆفیگەری ڕایموند لول دەکەن، پێیان وایە ئەو لێکچونە زۆرەی لەنێوان ڕێبازی هەردوکیاندا هەیە، پەیوەستە بە پەرەسەندنی سروشتییانەی کەسێتی هەردوکیان، بەوەی کە پشتیان بە هەمان دەستپێکی فەلسەفیەوە بەستوە و سەرچاوەکەی فەلسەفەی ئەفلاتونیزمی نوێ[8](شمل، ٢٠١٠، ٣٦) یە. چونکە وەک دەزانین ئیبن عەرەبی هەوڵیداوە چەمک و دەستەواژەکانی ئەم قوتابخانەیە، بەتایبەت ئەوەی لەبارەی ناسینی دەرونی مرۆڤە، لە نێو ڕێبازە سۆفییانەکەی جێ بکاتەوە (بلاثیوس، ١٩٦٥، ٢٦٠)، گوایە لولیش، هەمان کاری ئەنجام داوە. ئەم بۆ چونەش تا کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست هەر باو بو و کاریگەربونی لول بە ئیبن عەرەبی پشتگوێ خرابو. تا ئەوکاتەی ڕۆژهەڵاتناسی دیاری ئیسپانی 'خولیان ریبێرا - Julian Ribera' (١٨٥٨-١٩٣٤)، لە توێژینەوەیەکدا، کە لە ساڵی ١٨٩٩دا بڵاوی کردەوە و دواتر لەبەر گرنگییەکەی دیسان لە ساڵی ١٩٢٨دا چاپکرایەوە، بنەچەی ئیسلامییانەی فەلسەفەی سۆفیگەری ڕایموند لولی ڕونکردەوە (الشرقاوي، ١٩٩٣، ١٢٩) و سەرچاوە ئیسلامییەکانی هزری ئەوی دیاری کردوە، بەتایبەت دەقەکانی ئیبن عەرەبی.

لە توێژینەوەکەیدا ڕیبێرا بەوە دەست پێدەکات، کە سەرسامبونی ئەوروپای مەسیحی بە 'بلیمەتیی ڕایموند لول' تا ئاستێک بووە، کە پێیانوابووە کۆی ڕێبازە سۆفییانەکەی ئەو سەرچاوەکەی ئیلهامی خودایی بووە و دەرونی لول داهێنەری بووە. ئەمە لە کاتێکدا، وەک ئەم توێژەرە دەڵێت: **"قسەکردن لەسەر ڕەسەنێتی بێهاوتای ئەو، لە بێ ئاگاییمانە، بە سەرچاوەکانی ڕێبازەکەی"** (ریبیرا، ١٩٨٧، ١٤٩)، بۆیە پێیوایە، ئەگەر بمانەوێت بە دروستی لە تێگەیشتنی سۆفییانەی ڕایموند لول بگەین، دەبێت بەراوردی بە هەندێک لە بۆچونەکانی ئەو سۆفییە موسڵمانە بکەین.

خاڵی بنەڕەتی، کە دەشێت کاریگەربونی ڕایموند لول بە ئیبن عەرەبی ڕونبکاتەوە، هەڵوێستی هەردوکیانە لە فەلسەفە، بەتایبەت فەلسەفەی ئیبن ڕوشد. ئەوان هەردوکیان بە توندی دژی فەلسەفەکەی وەستاونەتەوە، بەتایبەت لەو خاڵەی کە پێیوایە ئیلهام بەتەنیا بەس نییە بۆ تێگەیشتن، تەنانەت لە دەقی ئایینیش، بەڵکو ئەقڵیش ڕۆڵی لەم کارەدا هەیە (ریبیرا، ١٩٨٧، ١٦٥-١٦٦). لول ڕێک وەک ئیبن عەرەبی پێیوابووە، کە لە ڕێگەی باوەڕەوە مرۆڤ دەشێ بە زانست و زانین بگات، چونکە هێزی ڕۆح پترە لە هێزی عەقڵ و مرۆڤ دەشێ بە تێڕامانەوە، بە زانستی ئەوتۆ بگات، باڵاتر بێ لە زانستی فەیلەسوفانەوە (Llull، ١٩٨٥، ٢.،١٧)، ئەمەش ڕێک بۆچونەکەی ئیبن عەرەبی بو، دەیگوت زانست لە ئیلهامەوەیە و ئامانجیش گەڕانە بەدوای 'یەک - خودا'. هەربۆیە، کاتێک بیرکردنەوە ناتوانێ بە کرۆکی شتەکان بگات، خودا بە هانای مرۆڤ دەگات و مێشکی ڕوناک دەکاتەوە، تا تێبگات (ریبیرا، ١٩٨٧، ١٦٧).

لە کتێبی بلانکێرناشدا (١٩٢٦، ٧٣)، دیسان کاریگەربونی لول بە ئیبن عەرەبییەوە دیارە. لەوێ لول ئیشی لەسەر پرۆژەیەک کردوە، بۆ ڕێکخستنەوەی پەیکەر و پێگەی پیاوانی ئایینی لە نێو سیستەمی کڵێساییدا، بەتایبەت کاردینالەکان. لەم کارەشیدا، بە ئاشکرا دیارە، هاوشێوەی ئەو پلەبەندییەی لە سۆفیگەری ئیسلامیدا هەبووە و ئیبن عەرەبی بە وردی ئیشی لەسەر کردوە، پایەی ئەمانی دیاری کردۆتەوە (ریبیرا، ١٩٨٧، ١٦٨). ئیبن عەرەبی چەندین پلەی ئایینی گرنگی لە پەیکەری ڕێکخستنی سۆفییان، دیاری کردوە، لەوانەش 'قوتب - القطب'، ئەمەش ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە جێی ڕوانگەی خودان لەسەر زەوی، ڕێنمایی و ئیرشادی بەندەکانی خودا، بۆ سەر ڕێگەی ڕاست دەکەن و لە هەمو کات و ساتێکدا هەن (الحفني، ١٩٨٧، ٢١٧-٢١٨). لول لە کتێبەکەی خۆیدا هەمان ئەو پێناسەیەی بۆ کاردینالّ کردوە. تەنانەت وشەی کاردینالّی لاتینیش، ماناکەی نزیک کراوەتەوە لە مانای قوتبەوە (بالنثیا، بدون تاریخ، ٥٤٩).

هاوشێوەبونی هزرییانەی لول لەگەڵ ئیبن عەرەبی، تەنیا کاریگەربون نەبووە. بەڵکو لەوەدەچێ هزر و بۆچونەکانی ئەم سۆفییەی بە شێواز و تێگەیشتنی مەسیحییانە دارشتبێتەوە. هەر بۆیە ئەو لێکچونە زۆرە لەنێوان نوسینەکانی و هی ئیبن عەرەبیدا هەن. وەک بۆ نمونە قسەکردنی لەسەر باشییە نادیارەکانی ناوەکانی خودا و تیۆری 'مەقام'[9]ەکان کە وەرگێڕانەکی ڕاستەوخۆی وشەی 'الحضرة'یە، کە ئیبن عەرەبی بەکاری هێناوە و لای ئەو گوزارشت لە بێهاوتایی و تەواوێتی ناوی خودا دەکات (بالنثیا، بدون تاریخ، ٥٤٥). هەر بەمەش نەوەستاوە، بەڵکو بە هەمان شێوەی ئەو سەد ناوی خودای هێناوە و سۆفییانە لێکی داونەتەوە. توێژەرانی ئیسپانی ئەوەیان سەلماندوە، کە لول چەندین دەقی ئیبن عەرەبی بەتەواوی بۆ خۆی بردوە و لەنێو دەقەکەی خۆی، لە کتێبی (سەد ناوی خودا - Cent noms de Deú) جێی کردونەتەوە (العسري، ٢٠١٥، ١٢٥) .ئەو کتێبەی بە زمانی کەتەلانی نوسیوە، تێیدا وەسفی سەد ناوی خودای کردوە، وەک چۆن لە کولتوری ئیسلامیدا بەناوی (اسماء الله الحسنی) باوە. دواتر کتێبەکەی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی لاتینی بە ناوی: (Libre de Centurm Nominibus Dieu)، بەڵام باسی دەقی عەرەبی ئەم کتێبە لەئارادا نییە. کتێبەکە سەرباری پێشەکییەکی کورت، کە ستایشی پاپا دەکات، لە سەد کورتە بەش پێکهاتوە، لە هەریەکەیان ناوێکی خودا لێکدراوەتەوە (Bellver، ٢٠١٤، ٢٩٢) .ئەگەرچی لول هەمان ئەو ناوانەی خودای نەهێناوە، کە لە کولتوری ئیسلامیدا باوبووە و ئیبن عەرەبی سۆفییانە شرۆڤەی کردون، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی کارکردنی ئەو لەسەر ناوەکان لە هی سۆفییە موسڵمانەکە دەچێت (ریبیرا، ١٩٨٧، ١٥٢).

لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە لول خۆی ئەوەی ڕونکردۆتەوە ویستویەتی لە میانەی ئەم کتێبەدا ئەوە بسەلمێنێت، کە مەسیحییەکانیش دەتوانن، سەد ناو لە خودا بنێن و لەمەدا کەمتر نین لە موسڵمانان. ئەگەرچی ئەو هاتووە ڕۆحی ناوە خوداییەکانی، وەک لە قورئاندا هاتوە، گواستۆتەوە نێو کولتوری مەسیحی (Bellver، ٢٠١٤، .٢٩٤) و بەرگێکی عیرفانییانەی لەشێوەی ئیشەکەی ئیبن عەرەبی بەبەردا کردون. خولیان ریبیرا (١٩٨٧، ١٥٢) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ڕایمون لول ئارەزوی ئەوەی خواستووە، کە لە کڵێسادا ڕۆژانە سەد ناوەکەی خودا بە ئاواز بخوێنرێتەوە، وەک چۆن موسڵمانان لە مزگەوت دا قورئان دەخوێننەوە و سەد ناوەکەی خودا دەهێنن.

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەیەن، کە وەك دەزانین ڕێبازی سۆفییانەی ئیبن عەرەبی ڕێبازێکی پڕ لە ڕازە و هێماییانە گوزارەی لە هزری عیرفانییانەی خۆی کردوە. بۆیە مانا قوڵەکانی ئەم هزرە بۆ خەڵکی ئاسایی نادیارە. نەك هەر هزر، بەڵکو ئەو چەمك و دەستەواژانەی، کە بەکاریشی هێناون، ئاڵۆزن. ئەمە وایکردوە، کە وەك آسین بلاثیۆس دەڵێت **" لە ڕێبازە ڕۆحانییە مەسیحییە هەرە بەرز و باڵاکانیش جیا بیێتەوە. هەر بۆیە ئاسان نەبووە، کەسێکی وەك ڕایمون لول بیگوازێتەوە نێو هزری خۆی و چۆنە ئاوا تێی بکات"** (١٩٦٥، ٢٦٢). ئەمەش چونکە ڕێبازی سۆفییانەی ئیبن عەرەبی، پتر پشت ئەستورە بە تێڕامانی فەلسەفییەوە، کەمتر ڕەفتار و نەریتی دیاریکراو بووە، وەک لای سۆفییانی ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامیدا باوبووە (شمل، ٢٠١٠، ٣٤). بۆیە سەرباری ئەو کاریگەرییە ڕونەی ئیبن عەرەبی بەسەر لولەوە، بەڵام لە شێوەی دارشتنی ڕێبازە سۆفییانەکەیدا لە چوارچێوەی باوەڕی مەسیحییانەی خۆیدا، نزیکتربو لە شێوازی غەزالییەوە، کە نوێنەرایەتی قوتابخانەی کلاسیکیی سۆفیگەری ئیسلامی دەکرد و لە ئاستی شەرعیدا قەبوڵکراو بووە، نەک ڕێبازەکەی ئیبن عەرەبی، کە لە هەندێک بابەتدا سنورە شەرعییەکان دەردەچو، بەتایبەت لە مەسەلەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوداوە (فایشر، ١٩٩٥، ١٩٦). ئەمەش بۆچونێک بووە لە لایەن شەریعەتناسانەوە قەبوڵ نەدەکرا و بە دەرچون لە باوەڕی ڕاستەقینە لە قەڵەم دەدرا. هەر بۆیە ڕایموند لول، لە تێگەیشتنی سۆفییانەی خۆیدا بەلایدا نەچووە.

دواجار، دەبێ ئەوەمان لەبیر بمێنێت، کە گرنگیدانی ڕایموند لول، بە هزری ئیسلامی، بەتایبەت وەک بینیمان بە فەلسەفە و سۆفیگەری، بۆ ئەوە بو باشتر و ڕونتر لەئیسلام و چۆنیەتی بیرکردنەوەی موسڵمانان بگات. خۆ ئەگەر، بە ئاگا یان بێئاگا، کەوتبێتە ژێر کاریگەری هێندێک ڕەوت و زانای موسڵمانیشەوە، بەڵام مەبەستە بنەڕەتییەکەی هەر لەبەر چاوبووە، کە بریتی بووە لە بەمەسیحیکردنی موسڵمانان لە ڕێگەی گفتوگۆو بەکارهێنانی بەڵگەی ئەقڵانی (Bellver، ٢٠١٤، ٢٩١). ئەمەش جێبەجێ نەدەبو، ئەگەر ئاوا، لە ڕوی هزرییەوە لە موسڵمانان ورد نەبێتەوە. ئەو دەیزانی کە ناتوانێ کاریگەری بەسەر موسڵمان دابنێت، کە ئەگەر زەمینەیەکی هاوبەشیان لەگەڵدا نەدۆزێتەوە و حەقیقەتی ڕەهاین تێنەگەیەنێ (Akasoy، ٢٠١٢، ٣٩)، ئەمەش ئاوا دەکرا هزری ئەوان بخوێنێتەوە، ئینجا مامەڵەی ڕاستەوخۆیان لەگەڵدا بکات. ئەگەرچی وەک بینیمان کارەکە، بە ئاڕاستەی ئەوەدا شکایەوە، بونیادی هزری خۆی، بە سوود وەرگرتن لە کولتوری ئیسلامی دابڕێژێت.

## ٤. ئەنجام

**١.** ڕوانگەی ڕایمۆند لۆل بۆ ئیسلام لە ژێر کاریگەری دو هۆکار بو. یەکێکیان ئەو وێناو هەڵسەنگاندنانەی مەسیحییەکان بۆ ئیسلام و موسڵمانان کردبویان هەر لەسەردەمی سەرهەڵدان و فروانخوازی ئاینەکەوە تاسەردەمی ڕایمۆند لۆل خۆی. دووەمیشیان پەیوەست بووە بە ئەزمونی ڕایمۆند لۆل خۆی لەگەڵ موسڵمانان جا چ بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی بوبێت، لە میانەی بینینی موسڵمانان و گەشتکردن بۆ ناوچەکانیان یانیش ناڕاستەوخۆ کە بریتی بووە لە خوێندنەوەی لۆل بۆ بەرهەم و نوسینی زاناو فە قێیەکان.

**٢.** ڕایمۆند لۆل هەوڵیداوە جیاوازترلە پیاوە ئایینەکانی تری مەسیحی لە ئیسلام بگات، بەتایبەت لەوەی چۆن موسڵمانان باوەڕ بە ئاینێکی ئاوا دەهێنن. بۆیە هەم

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp62-69

خۆی فێری زمانی عەرەبی کردووەو هەمیش مەسیحیەکانی هانداوە ئەم کارە بکەن، تاوەکو باشتر ئاشنای بنەماکانی ئیسلام و کەسێتی موسڵمانان ببن. چاکتر بتوانن رەخنەیان لێ بگرن و هەوڵبدەن رازیان بکەن واز لە ئاینەکەیان بهێن و ببنە مەسیحی.

**٣.** ئاسان نەبو بۆ خوێندەوارێکی وەك رایمۆند لۆل کە نەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو کلتورە هزری و ئایینیە دەوڵەمەندەی موسڵمانان هەیانبووە. بەتایبەت کلتوری فەلسەفی و سۆفیگەری ئیسلامی. ئەوەی یەکەمیان وەك مەترسیەك بەسەر بیرو باوەڕی ئاینی مەسیحی بینیە، بەتایبەت هزرو بۆ چونە ئەفلاتینیەکانی ئیبن رشدی فەیلەسوف. لە بەرامبەردا نەیتوانیوە کاریگەربونی خۆی بە هزری زانایەکی وەك ئیمام غەزالی بشارێتەوە، بۆیە لە زۆرێک لە نوسینەکانیدا ئاماژەی پێداوە تەنانەت هەندێکیشی وەرگێڕاوە.

**٤.** لەبەر ئەوەی رایمۆند لۆل مەیلێکی عیرفانیانەی هەبووە، بۆیە لە نێوکلتوری ئیسلامیدا، سەرسامی رەوتە عیرفانی وسۆفیگەرییەکان بووە، بەتایبەت تێگەیشتنی محی الدین ئیبن عەرەبی. هەر ئەمەش وایکردووە لە ناوەندی مەسیحیدا وەك گەورەو سۆفیەك لۆل بناسرێت، لە کاتێکدا سەرچاوەی تێرامان و لێوردبونەوە سۆفیگەریەکانی ئیسلامی بووە.

## ٥. لیستی سەرچاوەکان


ابن رشد، ابو الوليد (١٩٩٩)، فصل المقال في التقرير ما بين الشريعة والحكمة من الاتصال، باشراف: محمد عابد الجابري، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.

ابن رشد، ابو وليد (٢٠٠٣)، طموحات مثقف مسلم، ترجمه: محمد البحري، بيروت: المنظمة العربية للترجمة.

ابن شاهاور، أبو بكر عبد الله بن محمد (١٩٩٣)، منارات السائرين ومقامات الطائرين، تحقيق و تقديم: سعيد عبد الفتاح، الكويت: دار سعاد الصباح .

ابن عربي، محي الدين ابو عبد الله (٢٠١١)، شرح اسماء الله الحسنى وهو الكتاب المسمى كشف المعنى عن سر أسماء الله الحسنى، بيروت: دار إحياء التراث العربي.

اشمل، محمد بلال (١٩٩٨)، لمع افيروسية - عن منزلة ابي الوليد عند اللاتين الاسبان، مجلة فكر وقد، العدد (١٤)، المغرب: دارالبيضاء منشور بصيغة pdf

اشيلا، باكو هامين (٢٠١٠)، بحرنا المشترک - الشرق مهد الغرب، ترجمة مارية باكلا، ابوظبي: هيئة ابوظبي للثقافة والتراث.

اورفوا، دومينيک (٢٠٠٨)، المفكرون الاحرار في الاسلام، ترجمه: جمال شحيد، بيروت: دار الساقي ورابطة العقلانيين العرب.

اوليري، ديلاسي (بدون تاريخ)، الفكر العربي و مكانه في التاريخ، ترجمة تمام حسان، القاهرة: عالم الفكر.

بالنثيا، آنجل جنثالث (بدون تاريخ)، تاريخ الفكر الأندلسي، نقله عن الاسبانية: حسين مؤنس، القاهرة: مكتبة الثقافة الدينية.

بلاثيوس، آسين (١٩٦٥)، ابن عربي حياته ومذهبه، ترجمة عن الاسبانية عبد الرحمن بدوي، مكتبة الانجلو المصرية.

الحفني، عبد المنعم (١٩٨٧)، معجم المصطلحات الصوفية، بيروت: دار المسيرة.

الذهبي، شمس الدين محمد بن احمد (٢٠٠٥)، تاريخ الإسلام و وفيات المشاهير والأعلام، تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا، بيروت: دار الكتب العلمية.

رزقي، صموئيل (٢٠٠٣)، تجديد الفكر الديني المسيحية، القاهرة: مطبعة سيوبرس.

ريبيرا، خوليان (١٩٨٧)، الاصول العربية لفلسفة رايموندو لولو، ضمن كتاب: دراسات اندلسية في الادب والتاريخ والفلسفة، حررها: الطاهر احمد المكي، الطبعة الثالثة، القاهرة: دار المعارف.

رينان، ارنست (١٩٥٧)، ابن رشد والرشدية، نقله الى العربية: عادل زعيتر، القاهرة: دار احياء الكتب العربية.

السهروردى، شهاب الدين ابو حفص عمر (١٩٩٣)، عوارف المعارف، بتحقيق: عبد الحليم محمود و محمود بن الشريف، القاهرة: دار المعارف.

الشرقاوي، محمد عبد الله (١٩٩٣)، الاتجاهات الحديثة في دراسة التصوف الاسلامي - مصادره و آثاره، القاهرة: دار الفكر العربي.

شمل، آنا ماري (٢٠١٠)، اوروبا في مواجهة العالم الاسلامي، ترجمة محمد نبيل خلف، الرياض: دار السيد.

العسري، محمد عبد الواحد (٢٠١٥)، الاسلام في تصورات الاستشراق الاسباني - من ريموندوس لولوس الى آسين بلاثيوس، بيروت: دار المدارالاسلامي.

عنيات، عبد الكريم (٢٠١٣)، أسلمة المنطق - الأورغانون الأرسطي بين يدي الغزالي، الرباط: دار الأمان.

الغزالي، ابو حامد (٢٠٠٢)، تهافت الفلاسفة، تحقيق: علي بوملحم، بيروت: دار ومكتبة الهلال.

فايشر، مانويل.(١٩٩٥)، رامون لول والعالم الاسلامي، ضمن كتاب الغرب الاسلامي والغرب المسيحي خلال القرون الوسطى، الرباط: الهلال العربية للطباعة والنشر.

کەمال، محەمەد (٢٠١٩)،ئەفلاتونیزمی نوێ، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

ماستناك، توماش (٢٠٠٣)، السلام الصليبي - الجماعة المسيحية والعالم الاسلامي والنظام السياسي الغربي، ترجمة: بشير السباعي، القاهرة: المشروع القومي للترجمة.

موسى، محمد يوسف.(١٩٨٨)، بن الدين والفلسفة في رأي ابن رشد وفلاسفة العصر الوسيط، الطبعة الثانية، بيروت: العصر الحديث للنشر والتوزيع.

مينوا، جورج (٢٠٠٥)، الكنيسة والعلم - تاريخ الصراع بين العقل الديني و العقل العلمي، ترجمة: موريس جلال، دمشق: المؤسسة العربية للتحديث الفكري.

الهنداوي، حسين (٢٠١٤)، فلاسف التنوير والاسلام، دمشق: دار المدى

Akasoy, Anna.(2012),- Al-Ghazālī, Ramon Llull and Religionswissenschaft, The Muslim World, Volume 102, Issue 1, Oxford :Oriental Institute.

Bellver, J.(2014), Mirroring the Islamic tradition of the names of God in Christianity: Ramon Llull's Cent noms de Déu as a Christian Qur'ān', Intellectual History of the Islamicate World, Vol. 2.

Benhamamouche, Fatma.(2008), Ramon Llull and His Islamic Undertaking", Ramon Llull and Islam, the Beginning of Dialogue / Ramon Llull y el islam, el inicio del diálogo "Quaderns de la Mediterrània" 9.

Black, Antony.(2010), The West and Islam - Religion and Political thought in world history, New York: Oxford University Press.

Burnett, Charles.(2006), Arabic into Latin: the reception of Arabic - philosophy into Western Europe, In: The Cambridge Companion to ARABIC PHILOSOPHY, Edited by: Peter Adamson & Richard C. Taylor, Cambridge & New York: cambridge university press.

Cary, Philip.(2008), The History of Christian theology, united states of America: the great courses.

Galmés de Fuentes, Álvaro.(1999), Ramón Llull y la tradición árabe, Barcelona: Quaderns Crema.

Hasse, Dag Nikolaus.(2010), Latin Averroes Translations of the First Half of the Thirteenth Century, Hildesheim ; Zürich, New York: Olms.

Johnston, M.(1990), Ramon Llull's Conversion to Penitence. Mystics Quarterly, 16(4), 179-192. Retrieved June 22, 2020, from www.jstor.org/stable/20717010

Llull, Ramon.(1985),Selected works of Ramon Llull (1232-1316), ed and rtans by: A. Bonner, Princeton: Princeton University Press.

Lohr, Charles.(2000), The Arabic background to Lull's Liber Chaos, Traditio, Vol. 55, Cambridge University Press.

Lull, Ramon.(1926),Blanquerna - A thirteenth century Romance, translated by: E. Alison, London: Jarrolds.

Lull, Ramon.(2000),The book of the Lover and Beloved, translated by; E.Alison Peers: Ontario Cambridge.

Probs, Jean Henry.(1914), La Mystic de Ramon Lull et la'rt de Contemplacio, Munster: Aschen Dorffsche.

Reynolds, Gabriel Said.(2002), A Philosophical Odyssey: Ghazzâlî's Intentions of the Philosophers, In: MEDIEVAL PHILOSOPHY AND THE CLASSICAL TRADITION In Islam, Judaism and Christianity, Edited by: John Inglis, London and New York: Curzon Pres.

Tolan, John.(2012), Ramon de Penyafort's Responses to questions concerning relations between Christians and Saracens: critical edition and translation.. 2012. ffhal-00761257f, in: https://hal.archives-ouvertes.fr/hal-00761257/.

---

[1] بریتییە لە لێکۆڵینەوەو تێگەیشتن لە ئاینی مەسیحی بەشێوەیەکی عەقڵانی، بەئامانجی وەڵامدانەوەی هەموو ئەو ڕەخنەو پرسیارانەی ئاڕاستەی ئاینی مەسیحی دەکرا لەلایەن بیروباوەڕە جیاوازەکان دەربارەی سروشتی عیسا، ئایا مەسیح کوڕی خودایە یان کوڕی خودایە (Cary، ٢٠٠٨، ١٩)، (Swedenborg، ١٩،٢٠٠٩).

[2] بنەچەی ئەم گروپە دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەرەکەی، (فرەنسیس ئەسیزی ١١٨١-١٢٢٦ز) ئەو یەکەم کەسە فرمانی کرد کە بەهەژاری بژین و لە سەر بەخشین و خێر، فرەنسیس داوای گەڕانەوەی ژیانی هەژاری و تۆبەکرن وئەنجام دانی کاری موژدەگاری دەکرد، بە شێوەیەکی گشتی ئەم گروپە دژایتی پاپاو یاساکانی پاپایان دەکرد بە هیچ شێوەیەك لە گەڵ ئەو ژیانە خۆش گوزەرانیە نەبو کە پاپاو پیاوانی تێیدا دەژیا ن (رزقي، ٢٠٠٣, ١١٠).

[3] ئەم گروپە لەلایەن قەدیس دۆمینیکون (١١٧٠-١٢٢١) لە ساڵی ١٢١٦ دامەزراوە، کە ئەرکی سەرەکی ئەم گروپە دژایەتی کردنی بیدعە و خورافیات بو لەرێگەی هێنانەوەی بەڵگەی عەقڵی بۆ ڕوبە ڕوبونەوەی هەڵگەڕاوەکان و ئەوانەی ئاینی مەسیحی ناشرین دەکەن، ئەم گروپە لەسەدەی ١٧ هەڵسا بەکردنەوەی پەیمانگاو قوتابخانە (رزقی، ٢٠٠٣, ١١٠).

[4] سان ڕامۆن دی پینیافۆرت (١١٨٥-١٢٧٥)، لە نزیك بەرشەلۆنە ژیاوە. یەکێکە لە ڕاهبە هەرە دیارەکانی دۆمەنیکانییەکان، چەندین بنەمای یاسایی بۆ کڵێسا داناوە، کە تا درەنگ کاریان پێکراوە، لەسەردەمی خۆیدا قوتابخانەی تایبەت بە فێربونی زمانی عەرەبی دامەزراندبو، بۆ ئەوەی مەسیحییەکان باشتر لە ئیسلام بگەن و بتوانن ڕەدی بنەماکانی بدەنەوە. چەندین بەرهەمی هەن دژ بە ئیسلام، کە بریتین لە گفتوگۆی ڕەخنەییانە لەگەڵ موسڵمانان (Tolan، ٢٠١٢، ٣٢)

[5] کەسێکی خەیاڵییە رایموند لول لە نوسینەکانیدا ناوی دەهێنێ.

[6] بەپێی سۆفییان 'یادکردن -الذکر' لەبیرکردنی هەموو ئەوەی یادکراو__ (خودا) نییە، ئەو ئامرازانەیە کە بە هۆیەوە سۆفی بە هەق دەگات و هەقیش لەو ئاگادار دەبێتەوە (ابن شاهاور، ١٩٩٣، ٣٩٣).

[7] سۆفی و فەقێ و شاعیری ئەندەلوس محي الدين بن عربي (٥٥٨-٦٣٨ ك /١١٦٤-١٢٤٠ز)، لە شاری مەرسیە لە ئەندەلوس لەدایک بووە، پاشان چۆتە ئیشبیلیە. ئینجا گەشتێکی کردوە بۆ وڵاتی شام و عێراق و حیجاز. ماوەیەک، لەبەر بیرو باوەڕە سۆفییەکانی دەستبەسەر کراوە. بەڵام دواتر بەربووە و لە دیمەشق نیشتەجێ بووە، تا کۆچی دوای کردووە. نزیکەی چوارسەد بەرهەمی هەبووە، لە گرنگترین بەرهەمەکانی) :(الفتوحات المكية) ، (محاضرة الأبرار ومسامرة الأخيار)، (فصوص الحكم)و زۆری تر (الذهبي، ٢٠٠٥، ٦٦٠\١٣-٦٦٤).

[8] ئەفلاتونیزمی نوێ: چەمکێکی نوێیە، بۆ یەکەمجار لە سەدەی هەژدەی زایینی بەکارهێنراوە. بزوتنەوەیەکی فەلسەفییە، بە نوسینە فەلسەفییەکانی ئەفلۆتین (٢٠٥-٢٧٠ز) دەست پێدەکات و بە داخستنی فێرگە فەلسەفییەکا ن، بەدەستی ئیمپراتۆر جوستنیان (٤٨٣ - ٥٦٥ز) لە ساڵی (٥٢٩ز) لە یۆنان و سوریا، کۆتایی دێت (کەمال، ٢٠١٩، ١٣ بەدواوە).

[9] مەقام بریتییە لە ئامادەیی مرۆڤ لەبەردەم خوداوە لە میانەی شێوە جیاوازەکانی پەرستن)وەك: "تۆبەکردن –التوبە"، "هەژاریی –الفقر"، "سەبرگرتن –الصبر "و...هتد .(السهروردی، ١٩٩٣, ١٢\٢٦٤).